# تێپەڕین بەدڵی دەریادا

حسێن ئەحمەد
فەرەنسا

ئەی ئەوەی لەنزیکیمدا دووریت ؛ئەی ئەوەی لەدوریتدا گۆرانی بۆئەوباڵندانەدەڵێی  شەوان
لەسەرتارمایی ماچێکی تۆ ئەنون
لەسەرباخچەکەی تۆ ئەنوون لەسەر خەیاڵەکانی تۆئەنوون
لەسەرئەوڕۆژانە دەنون تۆخەریکی هێنانەوەی پەپولەکانی بۆباخچە
خەریکی ماڵیکردنی کۆتریت بەورتەورتی دڵی خۆت
دلی تۆکەوەریوە بەسەربەیانیدا
خونچەناباتەوەبۆماڵ
کەبەئەستێرەوە ماندوە  تاریکی ناگەڕێنێتەوە بۆهەوا
هەڵی بگرە مانەوەت لەسنگی خۆتا
وجودت لەپاڕانەوەی بارانا لەشنەی بایەکی شەرمنا
هەڵی بگرە عاشقیت لەچنگی ئێوارەیەکی تەنیادا
دێوانەیت لەگێنگل دانی شەونما لەناو جەستەی وردترین سەرچۆپی گەڵادا
بۆن دێت بۆنی تۆ بۆنی دواهەمین ڕامانی عاشقیت
بۆنی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی داپیرە
بۆنی دواهەمین خەمزەی یار
بۆنی هەموو ئەوچرکانەی تێیانداغەریبانە ونبوین
غەریبانە پیریمان بەخشی بە باران
مناڵانە خۆمان لەئاوێنەکان بزرکرد
ئەی دۆست خۆت جێهێڵە لای ئاو
خۆت جێهێڵە لای کەوتنی ئەم هەمودڵە شکاوە
سادەی تۆ هێندەی سادەی ئێوارەیە لای کۆتر
هێندەی کەوتنی هەتاوە لەسەر سنگی بەیانیەکدا کەنایەت
هاوڕی، سادەی تۆ سادەی خودایە لەتۆفان
سادەیی بارانە لە بەفر
سادەیی کانییە لەبەهار
خۆت جێهێڵە مانەوەکەڵکێک نابەخشێت
خۆت جێهێڵە تەنهایی کەڵکێک نابەخشێت
بڕۆرەوە لای ئەو لای هەوا لای مانگ لای من
بڕۆرەوە لای شیعر لەی باخچە لای من
بڕۆرەوە لای خەیاڵ لای گۆرانی لای من
بڕۆرەوە لای ئاهەنگ لای ئاواز لای ئەو
بڕۆرەوە لای پرشنگ لای تریفە لای ئەو
گەرد هێنانەوەی برینە بۆ تۆ
بڕۆرەوە لای من لای ئەو
بڕۆرەوە لای ئەو لای من

دەنگ خستنە خواراوەی نیگاتە لەباڵەخانەی کچێکا
بڕۆرەوە لای ئەو لای باران
بڕۆرەوە لای ئەو لای بەفر
شیعر هێنانەخوارەوەی بەیداخی قەدەرە
بڕۆرەوە لای بەهار لای دەریا لای ئەو
بڕۆرەوە لای کۆتر لای مانگ لای ئەو
تەنهایی کرۆشتنی خودایە وەک سمێڵ
کرۆشتنی هەتاوە وەک پەنجە
بڕۆرەوە لای چەتر لای سابات
بڕۆرەوە لای بێستان لای هەور
پێکەنین ڕشتنی پەرداخێک بارانە
شکانی پیاڵە چاکانی حەبیبەیە بەرلەوەی بییات بۆ نالی
بڕۆرەوە لای تەنهایی لەی مردن
بڕۆرەوە لەی باڕەش لای دەرد
هیچ شتێک مانایاک نابەخشێت
بڕۆرەوە لای خۆت

تێبینی
بۆندێت   لە شیعرێکی برای بەڕێز شەهید کەوڵۆسیەوە وەرم گرتووە